# پەیوەندی ڕێبازی صۆفیگەری عەددوییەکان بە دەسەڵاتدارانی مەمالیکەوەلەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا ساڵی(741ك/1134ز)

**همزە کاکە یاسین**

بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا و پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، زانکۆی جیهان – هەولێر، کوردستان، عیراق

**پوختە**

زانستێکە بایەخ و گرنگی بە پاککردنەوەی دڵ و دەروون دەدات ، ئامانجیشی خۆ دوور گرتنە لە هەموو کارێکی نا پەسەند و نەشیاو ، زۆر جاریش بەم زانستە گوتراوە (علم الحقیقە) (حاجی خلیفە ،1980 )، کە تێیدا مەبەست لێی وێڵ بوونە بەدوای خودای حقیقی ، ئامانجیش خۆ نزیك کردنەوەیە لە خودا و خۆ دوور گرتنە لەو کار و کردەوانەی کەخەڵکی دیکە ئەنجامی دەدەن. و زۆرجاریش صۆفییەکان نازناوی ( الفقراء) (ابن فضل الله ، 2003) (ظهیر : 2008 ) یان (غرباو) و (سیاحین ) یان لە خۆیان ناوە (الکلاباذی:2001) (الحمید ،1999) ( شرف ، 1980) بوونی ئاینی جیاواز و هاتنە ناوەوەی خەڵکانێکی دوور لە ئاین و بەتابەتیش مەمالیکەکان و دواتریش لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی یونانی و ئەفلاتونی بەشێك لە صوفییەکان و شوێنەکەوتوانیان لە ڕێبازی پیرۆزی ئیسلام و قورئان و فەرموودە لایاندا ,کە سەرئەنجام زانایانی ئیسلامی کەوتنە دژایەتی کردنیان ، لە پێشەوەی ئەو زانایانەی کە زۆر بەتوندی دژی صوفی و ڕێبازەکانی صۆفی گەری وەستایەوە (ابن التیمیه)(661ك-728ك)(1263ز-1328ز) بو کە زۆر بوێرانە لەبەرامبەر پێشێلکاری و خراپی بیرو باوەر و کارو کردەوەی صوفیەکان وەستایەوە. ئەم توێژینەوەیە لە دەروازە و دوو تەوەری سەرکی پێك دێت کە لە دەروازەکەدا تیشك خراوەتە سەر باروودۆخی ڕێبازی صوفیگەری سەردەمی مەمالیك و هۆکارەکانی گەشە کردن و فراوان بوونی ڕێبازە صوفیگەریەکانی ئەو سەردەمە ، لەتەوەری یەکەم ژیانامەی بەشێك لە صۆفیەکانی ڕێبای صۆفیگەرایی عەدووییەکان باسی لێوە کراوە ، هەرچی تەوەری دووەم تایبەت کراوە بە پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانی مەمالیك و صۆفیەکانی عەدوییەکان و بەدرێژی لێیی دوواوین.

**ووشە ڕێنیشدەرەکان:** صوفی گەری ، مەمالیك ، ڕێباز ، زانست ، دەسەڵات

**دەروازە:**

دەتوانین بڵێن سەردەمی مەمالیك بەسەردەمی زێرینی گەشە کردنی تەصوف هەژمار دەکرێت ، چونکە ڕێگای بۆ گەشەکردن و فراوان بوونی صۆفیگەرایەتی خۆشکرد ئەم باروو دۆخە سیاسی و ئابووریە بوو کە سەردەمی مەمالیك پێیدا تێپەر بوو ،

مجلة جامعة جيهان- اربيل للعلوم الانسانية والاجتماعية
المجلد 3، العدد 2 (2019)
أُستلم البحث في 26 يناير 2019؛ قُبل في 12 آذار 2019
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 10 كانون الاول 2019
البريد الإلكتروني للمؤلف: hamza.yaseen@cihanuniversity
DOI: 10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp49-55
حقوق الطبع والنشر © 2019 همزە کاکە یاسین. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 40

بۆیە بۆ ناسینی زیاتری تەصوفی ئیسلامی ئەو سەردەمە ، پێویستە تیشك بخەینە سەر ئەو هۆکارە ئاینی و فکری وسیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە پاڵنەری سەرەکی بوون بۆ گەشەکردنەکە گرنگترینیان ئەمانە بوون

## 1- هۆکاری سیاسی

لەئەنجامی کوژرانی سوڵتان توران شاە (الملك المعظم )دواین سوڵتانی ئەیوبی لەساڵی (648ك/1250ز) کۆتایی بەدەوڵەتی ئەیوبی هات و سەردەمێکی نوێ لە مێژووی ئیسلامی دەست پێدەکات ، ئەویش سەردەمی دەوڵەتی مەمالیکە کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە بە بارودۆخێکی سیاسی ئاڵۆزو ناسەقامگیر تێپەر بوو ، چونکە ململانێی گەیشتین بە کورسی دەسەڵات بارودخی ئەو دەوڵەتەی خستبووە مەترسیەوە ، بۆیە هەر لەسەرەتاوە (شجرە الدر) ئەم ململانێیەی تۆختر کردەوە کاتێك (توران شاە)ی کردە خاوەن دەسەڵات کە ناوبراو (ابن فضل الله ، 2003)

گەنجێکی کەم ئەزموون بوو ، دواتریش ململانێ لەنێوان دەسەڵاتدارانی مەمالیك بەردەوامی هەبوو تا ئەوکاتەی (شجره الدر) کوژراو ( سیف الدین قگز) (657-658ك/ 1259-1260ز)دەسەڵاتی وەرگرت ، دواتریش ئەم ململانێیە هەر بەردەوامی هەبوو بۆیە ناسەقامگیری سیاسی و ئەم بارووودۆخە خراپە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ دەرکەوتنی دەیان ڕێبازی صۆفی گەری (ابن واصل , 1953)

## 2- هۆکاری ئابوری

بەهۆی زۆری ململانێکان و پەلاماردانی یەکتری و داگیرکردنی زەوی و زارو زۆری شەڕی ئەمیرەکان لەسەر دەسەڵات بارودۆخی ئابووری خەڵکی خراپتر بوو ، لەلایەکیتریش زۆر جار نەهامەتی و برسێتی و قات و قری باڵی بەسەر خەڵکدا دەکێشا ، هەروەها بەهۆی زۆری نەخۆشی وەك (طاعون ) و بەآو بوونەوەی دەردو بەڵا و کارەساتی سروشتی وەك ئاگر کەوتنەوە و نەخۆشی کشتوکاڵی وەك کولە و کەم خۆراکی، زۆر بوونی هەژاری لەئەنجامی زۆری باج و سەرانە ، بارودۆخێکی خراب بۆ خەڵك هاتبوونە ئاراوە بۆیە خەڵك بۆ ڕزگار بوون لەم کارەساتانە پەنای بۆ شێخ وصۆفیەکانی ئەو سەردەم دەبرد ئەمەش وای کردبوو کە شێخ و صۆفیەکان هەم لایەنگر و هەمیش دەسەڵاتی سیاسی پەیدا بکەن و ڕۆڵیان زیاتر بێت لە ناو کۆمەڵگا (اسود، 1981)

## 3- هۆکاری کۆمەڵایەتی

هۆکارێکی تر لە هۆکارەکانی زیاد بوون و زۆر بوونی صۆفی و ڕێبازەکانی صۆفی گەری ئەو پێك هاتە کۆمەڵایەتییە بوو کە دەوڵەتی مەمالیك پێوەی دەناڵاند ، چونکە دەیان نەتەوەی جیا جیا و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیا لەناو دەوڵەتی مەمالیکدا هەبوون کە هەریەکەیان تێڕوانین و دیدگای جیاوازی بۆ ئاین و بابەتە ئاینییەکان هەبوو و هەر یەکەشیان خاوەنی پیاوی ئاینی خۆیان بوون ( علی : 2005)، کە گرنگترین ئەم نەتەوە و پێکهاتانەش وەك تورك و کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تریش کە هەریەکەیان دواتر تەکیە و زاویەی تایبەت بەخۆی بنیاتنا ، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی دەیان ڕێبازی صۆفی گەری ، کە کوردیش یەکێك بوو لەم نەتەوانە و چەندین زانا و صوفی ناودار ناوبانگیان پەیدا کرد .

لێرەدا ئەوە دەخەینە روو کە زۆری ژمارەی شێخ و صۆفیەکانی کورد لە مصر وشام پیشان دەدەن کە صوفیگەرایەتی چەندە لە ناو کورد گرنگی پێدراوە و پەرەی سەندووە ، هەندێك لە شێخ و صۆفیەکان ئەوەندە ناوبانگیان پەیدا کردووە بوونەتە خاوەنی تریقەی تایبەت بەخۆیان لە گرنگترینیان (شیخ عودەی کوری مسافیری هەکاری) ه کە دواتر لایەنگری ئەوەندە زۆر بوو شوێنگرەوەکانی ڕێبازی (عدوەی)یان دامەزراند کە لەناوچە کوردییەکانی وەك هەکار و بەشی زۆری ناوچەکانی تریش بڵاو ببوونەوە (بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ڕێبازی صۆفیەگری عەدویەکان بڕوانە کتێبی اتباع الشیخ عدی بن مسافرالهکاری ، الدوسکی ،2004)بۆیە دەتوانین بڵێین ناوچەی هەکاری ناوچەیەکی گرنگی سەرهەڵدانی صۆفیگەری بووە و دەیان کەس لەم بوارە ناوبانگیان پەیدا کردوە و پەیوەندیەکی زۆر باشیشیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەمالیك هەبووە ، تەنانەت وای لێهاتووە کە دەسەڵاتدارانی مەمالیك بەبێ گەڕانەوە بۆ شێخ و صۆفیە کوردیەکان نەتوانن بڕیاری سیاسی و سەربازیش بدەن ، یەکێکی تر لە و کەسایەتیانە ( شیخ الخضر الكوردى) ناوچەی هەکاریە کە زۆرجار دەسەڵاتدارانی ممالیك پرس و ڕاوێژیان پێکردووە و پێشبینی و دونیا دیدەی ئەویان بەهەند وەرگرتووە(الصفدى،2000،المقريزى ،1980)هەندێکی تریش لە صۆفیەکانی کورد و ناوچەی هەکاری بەهۆی زۆری لاینگریان توانیویانە لە تەریقەی صۆفیگەریەکەیان سوود وەربگرن و بزووتەوەیەکی سیاسی بهێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و تەنانەت توانیویانە لە دامەزراندنی میرنشینش لە ڕێبازی صۆفیگەری سوود وەربگرن ، وەك ئەوەی ( شیخ عزالدین هەکار) ئەنجامیدا و توانی میرنشینێکی سەربەخۆ دروست بکات و زۆر ناوچەش بخاتە ژێر هەژمونو دەسەڵاتی خۆی .

بەشی یەکەم : ژیاننامەی بەشێك لە صۆفیەکانی ڕێبازی عەدوویيەکان

بنەماڵەی شیخ عدی بن مسافر :

ئەم بنەماڵەیە نەژاد و ڕەچەڵەکیان بۆ شێخ عودەی کوڕی مسافر دەگەڕێتەوە کە ناوبراو یەکێك بوو لە دیارترین صۆفیەکانی وڵاتی شام و ڕۆڵێکی باشی هەبووە لە هەردوو کایەی سیاسی و ئاینیدا بۆیە لە دوای خۆشی دەیان کەس لە بنەماڵەکەی ، درێژەیان بە ڕێبازی صۆفیگەریەکەی داوە، لەسەر ڕێچکە و ڕێبازی ئەو بەردەوام بوونە ، بۆیە بۆناسینی ئەم بنەماڵەیە و ڕۆڵ و کاریگەریان لەکوردستان و ناوچەی هەکاری و حەوزی زاب ، لەسەرەتاوە تیشك دەخەینە سەر دیارترین و بەناوبانگترین وصۆفیان کە ئەویش شیخ عودەی کوڕی مسافیری هەکاری خۆی بووە .

شێخ ناوی تەواوی (عدى بن مسافر بن اسماعيل بن موسى بن مروان بن الحسن بن مروان الهكارى)یە ، یەکێکە لە ڕێبەرانی ڕەوتی سۆفی گەری ، لە ساڵی (446ك/ 1074ز) لە گوندی (بيت فار) لە وڵاتی شام لە دایك بووە(ابن فضل الله، 2003 )، هەر لە تەمەنی گەنجێتییەوە تێکەڵی بزاڤی سۆفیگەری بووە و هاوڕێیەتی صۆفییە بەناوبانگەکانی وەك (عقيل المنبجى، وحماد الدباس، وأبى النجيب عبد القاهر السهروردى، وعبد القادر الجيلى، وأبى الوفاء الحلوانى) کردووە (ابن فضل الله، 2003 )،دواتر وڵاتی شامی جێهێشت و ڕووی کردۆتە ناوچەکانی چیای هەکاری ، پاشان لە ناوچەی شێخان و بەتایبەتیش لە لالش گیرساوەتەوە ، لەوێدا گۆشەگیری و ژیانی صۆفی گەری خۆی بەسەر بردووە ، خەریکی پەرستش و بەئەنجام گەیاندنی واجبەکانی خۆی بووە ، دواتر چەند زاویەیەکی بۆ پەرستش لە ناوچەکە بنیات ناوە. زۆر ئامۆژگاری خەڵکی کردووەو سەرئەنجام لەماوەیەکی کورتدا خەڵکێکی زۆر لە دەوری کۆبوونەتەوە و گوێڕایەلی بوونەو بوونەتە موریدی ئەو و ملکەچی خۆیان بۆ فەرمان و ئامۆژگارییەکانی دەربڕیوە (ابن فضل الله، 2003 )، سەرئەنجام بەهۆی زۆری شوێن کەوتوانی بە (عەدەوییەکان) ناودەبران بوونە خاوەنی ڕێبازی صۆفی تایبەت بەخۆیان(ابن فضل الله، 2003 ).

شێخ تێکەڵ بە ژیانی سیاسی نەدەبوو ، ئامانج و مەبەستی ئامۆژگاری کردنی خەڵك بووە بۆ دوورکەوتنەوە لە ژیانی دونیا و پشت کردن لێی ، بۆیە تا دەهات لایەنگران و موریدانی زیادی دەکرد ، ئەم موریدانەی شێخ نەك تەنها گوێڕایەڵی ئەو بوون بەڵکو بە ماڵ و سامانیش لە خزمەتی ئەو دابوون ، بۆیە بە سەروەت و سامانی خۆیشیان خزمەتی زاویە و میوانەکانی شێخیان دەکرد( الشعرانى ، 1969).

دەتوانین بڵێین ئەوەی شێخ بە ئەنجامی گەیاند هێنانە کایەی بزووتنەوەیەکی ئاینی بوو ، مەبەستی ئامۆژگاری خەڵك و وشیار کردنەوەیان بووە لە ڕەفتارە ناپەسەندەکان، شیخ لە ساڵی (557ك/1162ز) کۆچی دوای کرد، گرنگترین ئەم شێخانەی کە لەدوای شێخ عودەی بوونە ڕێبەرانی ڕەوتی ڕێبازی عەدەوییەکان ئەمانە بوون :

10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp49-55

أ- ابو بركات صخر كوڕی مسافر :

برازای شێخ عودەی بوو کە لەدوای خۆی شوێنەکەوتوانی پشتیان بە ناوبراو بەست زۆر لێهاتوو بوو ، هەر لەبەر ئەمەشە مێژوو نوسان وەك شێخ عودەی ستایشیان کردووە ، ئەوە جگە لەوەی شێخ عودەی ڕاستەوخۆ خۆی ناوبراوی وەك جێگرەوەی خۆی دیاری کردووە ئەو کاتەی لە ژیاندا بوو بۆیە گوتویەتی ((ابو برکات یخلفنی ))( التادفی ، قلائد الجواهر ، 1409هـ ،ص109 )،جگە لەوە ناوبراو بە پیاو چاك و چاکە کار و لەخواترس ناسرابوو جێی متمانەی خەڵك بووە دواتر لەساڵی 567ك/ 1171ز کۆچی دوایی کردوە (التادفی ، قلائد الجواهر ، 1409هـ)

ب- شێخ عودەی دووەم :

عودەی کوڕی ابی برکات ، لەبەر زۆری کەرامات و لێهاتویەکەی و لە خوا ترسیەکەی بە شیخ عودەی دووەم ناسرابوو ، وەك باوکی لەخوا ترس بوو، ناو براوە لەگەڵ لایەنگرانی لە چیاکانی هەکاری نیشتەجێ بوون ، ئەو بەیەکێك لە گەورە شێخەکانی ناوچەکە هەژمار دەکرا ، کەراماتی زۆری هەبووە زۆر شتی بۆ شوێنکەوتوانی ئەنجام داوە کە ئەمەش وای کردووە زۆرتر خەڵك ڕێزی بگرن و ببنە مورید و دەروێشی و بەماڵ و سامان لە خزمەتی دا بن و بەردەوام بن لە پاڵپشتی ڕێبازی عەدویەکان (التادفی ، قلائد الجواهر ، 1409هـ).

ج-حسن کوری عودەی

ناوی تەواوی حسن کوڕی عودەی کوڕی ابی برکات کوڕی صخر کوڕی مسافر بوو، لەساڵ(587ك/ 1191ز) لەدایك بووە ناوبراو بە تاج العارفین ناسرابوو، کوڕی شێخ عودەی دووەم بووە ،نەوەی شێخ عودەی هەکاریە و بە شیخی گەوەر ناسرابوو (الکتبی ،1983)، زۆر زیرەك و لێهاتوو خاوەن حیشمەت و کەرامات بووە و دۆست و لایەنگری زۆر بووە ، زۆر جار بەهۆی زۆری لایەنگر وپاڵپشتیوانانی لەخۆی بای بووە و کەوتۆتە ململانێ لەگەڵ دەسلاتداران ، هەر لەبەر ئەمەش بوو ناوبراو لە ساڵی(644هـ)لە تەمەنی (53) ساڵی کوژراوە( الذهبی ، 1993)( محمد ،2000)

ء - شیخ عزالدین

شێخ عزالدین نەوەی شێخ عودەی هەکاریە ، زۆرتر گرنگی بەلایەنی سیاسی و سەربازی داوە و کەمتر ڕووە ئاینیەکەی گرنگی پێداوە ، بۆیە دەگوترێ ئەو لە ڕێبازی ئاینی لای داوە و بیدعە و خوڕافیاتی زۆری هێناوەتە ناو ڕێبازی عەدویەکان ، ئەمەش وای کرد کە دواجار خەڵکێکی زۆر بە دوای بیروباوەڕەکانی بکەون ، بەڵام ناوبراو زۆر لەگەڵ دەسەڵاتداران نێوانی کۆك نەبووە بۆیە دواتر شێخ بەدەستی بدرالدین لؤ لؤ (606-660ك/ 1209-1261ز) فەرمان ڕەوایی موصل دەکوژرێت ، ئەگەر چی ناوبراو کوشتیان و کۆتایان بە دەسەڵات و یاخی بوونەکەی هێنا، بەڵام لایەنگرو شوێنکەوتوانی پێیان وابوو شێخ نەمردووە و هەر دەگەڕێتەوە ناویان جارێکی تر (ابن المستوفی ،1980)

2- خضر کوڕی خلیل

یەکێکە لە صۆفیەکانی ناوچەی هەکاری و زۆر گرنگی بە فەرموودەناسی داوە و شێوازی گێڕانەوەی فەرموودەی بەلاوە پەسەند بووە ، ئەوە جگە لەوەی بانگ بێژێکی چاکیش بووە ، ناوبراو لە ساڵی (673ك/ 1274ز) کۆچی دوای کردووە (الذهبی ، 1993).

3-شیخ الملك الظاهر (شیخ الخضر الکردی):

ناوی تەواوی (الشیخ خضر بن ابی بکر بن موسی ابو العباس المهرانی ، العدوی ) بوو ، بەهۆی نزیکییەوە لە (الملك الظاهر بیبرس)(658-676ك/1260-1277ز) وە نازناوی( شیخ الملك الظاهری) پێ بەخشرابوو ، بەهەمان شێوە بە یەکێك لە ڕێبەرانی ڕەوتی سۆفیگەری لەقەڵەم دەدرێت .شیخ خچر بەڕەچەڵەك خەڵکی گوندی (المحمدیە) ی ناوچەی جزیرەیە و دواتر گەشتی مصری کردووە و لە قاهرە گیرساوەتەوە (ابن فچل الله، 2003 )، بەهۆی لە خواترسان و پیاوچاکییەکەی بە (صلاح) بانگ دەکرا .

4-شێخ صالح کوڕی عیمان

ناوی تەواوی شێخ صالح کوری خضری کوری سعدی کوردی عەدویە ، یەکێك بووە لە صۆفیەکانی وڵاتی شام و خاوەنی کەرامات بووە و خەڵك زۆر خۆشیان ویستوە و گوێڕایەڵی بوونە ، ناوبراو لە ساڵی (687ك/ 1288ز) کۆچی دوای کردووە (الیونینی، 1954)

بەشی دووەم:پەیوەندی صۆفی عەدوویەکان بە دەسەڵاتدارانی مەمالیکەوە.

پەیوەندی بنەماڵەی عەدویەکان بە دەسەڵاتدارانی مەمالیکەوە .

بنەماڵەی عەدویەکان پەیوەندیەکی زۆر باشیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەمالیك هەبووە ، هەردوولا ڕێزی تەواویان لەیەکتر گرتووە و دەستیان لەکاروباری یەکتر وەرنەداوە ، هەمیشە ئەم بنەماڵەیە پاڵپشتی دەسەڵاتی مەمالیك بوون و ئەوانیش لە پێشکەش کردنی یارمەتی و کردنەوەی زاویە و شوێنی پەرستش بۆیان درێخیان نەکردووە ،ئەوە جگە لەوەی کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی ممالیك زۆر جار بۆ خوێندنەوەی پێشهاتەکان چوونەتە لایان و داوایان کردووە یارمەتیان بدەن لەم بوارە ئەوانیش درێخیان نەکردووە لە یارمەتیدانیان (الصفدی، 2000).

1-پەیوەندی شێخ حسن بە دەسەڵاتدارانەوە:

بە بەدیار کەوتنی شێخ حسن و وەرگرتنی پێشەنگایەتی ڕەوتی صۆفی گەری عەدوویەکان ئەم پەیوەندیە باشەی کەپێشتر دەسەڵاتدارانی ممالیك لەگەڵ لایەنگر و شوێنکەوتوانی عەدویەکان هەیان بوو نەما ، چونکە شێخ حسن ئەم ڕەوتە صۆفی گەریە ئاینەیی گۆری بۆ بەرژەوەندی و فراوان خوازی سیاسی و چاوی بریبووە دەسەڵات و هەڵی پاوان خوازی دەدا (ابن المستوفی ،1980)

بۆیە لەڕێبازی خودا پەرستی و کەرامات لای داو دەیان بیدعە و خورافیاتی خستە ناو ڕەوتی صۆفیگەرای عەدوویەکانەوە (ابن المستوفی ،1980)، ئیتر لەوکاتەوە هەم پەیوەندی ڕەوتی ڕێبازی صۆفگەرانی عەدویەکان هەدەسەڵاتدارانەوە کەمتر بوویەوە ، هەمیش ئیتر لەو سەردەمە بەدواوە پابەند بوون بەبنەما ئاینیەکان بەرەو تێك چوون چون و خوڕافیات و ئەفسانە شوێنی دەقە ئاینیەکانی گرتەوە .

10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp49-55

بۆیە دەبینین دەیان پەلامارداني سەربازی بۆسەر ناوچەی لالش دەستی پێکردوو و کوشت و کوشتاری زۆری بەدوای خۆی دا هێنا ئەمەش سەرئەنجامی ئەو هەڵ و کۆششانە بوو کە شیخ حسن دای بۆ ئەوەی هەژموونی سیاسی و سەربازی و ئاینی خۆی لە ناوچەکە بەزۆر بچەسپێنی و خۆی وەك خاوەن دەسەڵات نیشان بدا (ابن المستوفی ،1980) بۆیە ئەوانەی لەدوای شێخ حسن یش هاتن نەیان توانی ڕێبازی صۆفیگەرییەکەیان چاك بکەنەوە و هەمان هەڵەیان دووبارە کردەوە ، بۆیە لەسەر دەمی مەمالیکش ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر ئەم ڕێبازە هەبوو.

2- پەیوەندی شیخ زین الدین بە دەسەڵاتدارانی مەمالیکەوە

شیخ زین الدین ناوچەی لالشی جێهێشت و لەوڵاتی شام جێگر بوو ، دوای ماوەیەك ناوبانگی دەرکرد و پارەو و پولی لەهەموو کوردستانەوە بەدەست دەگەیشت و دەسەڵاتیان زیادی کرد و شوێنکەوتوانیان ملکەچی و گوێڕایەلی تەواویان بۆ شێخ دەربڕیبوو، بۆیە ڕۆژ بەرۆژ دەسەڵاتی لە زیاد بوون بوو و ئارەزووی زیاتر کردنی هەژموونی دەسەڵاتەکەی دەکرد و حەزی لەپاوان خوازی بوو ، ئەمەش دەسەڵاتدارانی مەمالیکی لە شام دوو دڵ کردبوو ترسیشیان لە زیاد بوونی دەسەڵاتی ناوبراو هەبوو بۆیە هەوڵیاندا بەهەر ڕێگایەك بێت لەناوی ببەن ، بەڵام شێخ بۆ پاراستنی گیانی خۆی وڵاتی شامی بەجێ هێشت و ڕای کردە مصر ، لەویش لەلایەن سوڵتانەکانی مەمالیك گیراو خرایە زیندانەوە ، دواجار لەساڵی (697ك/1297ز) لەسەردەمی سوڵتان (حسام الدین لاجین)(الملك المنصور)(697-698ك/ 1297-1298ز)،لەزیندان کۆچی دوایی کرد.( ابن فضل الله، 2003)

3-پەیوەندی شێخ عزالدین بە دەسەڵاتدارانی مەمالیەکەوە

شێخ عزالدین کوڕی شیخ زین الدینە کە باوکی وڵاتی شامی بەجێ هێشت ئەو لە شوێنی خوی مایەوە و سەردار و پێشەنگی ڕێبازی صۆفیگەرای عەدویەکانی گرتە دەست و مورید و شوێنکەوتوانی باوکی ملکەچی و پابەند بوونیان بۆ فەرمانەکانی ئەو دووپات کردەوە ، بۆیە ئەویش بەهۆی زۆری ئەو داهاتەی کە بۆی کۆ دەکرایەوە و دەهاتە ژێر دەستی لەلایەك و زۆری لایەنگرانی لەناوچەکە نایەوێ وەك باوکی توشی چارەنوسێکی خراپ بێ و هەمان چارەنوسی بەسەر بێ ، بۆیە شیخ لە ساڵی (700ك /1300ز) ناوچەی شام بەجێ دەهێلێت و دەگەڕێتەوە هەکاری لەوێوە ڕەوتی صۆفیگەرای خۆی پەرە پێدەدات سەرکردایەتی ڕێبازەکەی دەکرد ؛ کە دواجار ناوبراو ناوچەی هەکاری جێ دەهێلێت و دەگەڕێتەوە گوندی (بیت فار ) لەوێ نیشتەجێ دەبێت ، لەبەر ئەوەی نەوەی شێخ عودەی بوو لەلایەك و لەبەر ئەوەی لایەنگرو شوێنکەوتوانی زۆر بووە، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە داوای لێدەکرێت کە هاوکارو هەماهەنگیان بێ ، بۆیە داوای لێدەکەن ببێتە لایەنگر و دۆستی ئەوان ، هەر بۆیەشە کاتێك بڕیاری هاوکاری کردنی دەسەڵاتدارانی مەمالیك دەدات پێش وازی لێ دەکرێت و پلە و پۆستی باڵای پێ دەبەخشرێت (ابن فضل الله، 2003 ) خەڵکی ناوچەکەش ڕێزیان دەگرت و بە کەسێکی پیرۆزیان دەزانی و شوێنی کەوتن ، دوای ماوەیەك شیخ عزالدین بەهۆی زۆری لایەنگرو شوێن کەوتوانییەوە ، لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەمالیکەکانەوە لەساڵی (708ك/ 1307ز) کرا بە ئەمیرو فەرمان ڕەوایی دمشق ، پاشان بەرێوەبردنی ناوچەی صفد ، ناوچەیەکە لە نزیك حمص لە صوریای ئێستا (الحموی ، 1999) یشیان پێسپارد.

بۆیە شێخ (عزالدین) لە پاڵ نفوزی ئاینیدا ، نفوزی سیاسی و سەربازیشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیادی دەکرد ، کوردەکان لە هەموو لایەکەوە دەهاتنە پاڵی ، تەنانەت موڵك و ماڵی خۆیان بە پارەیەکی کەم دەفرۆشت و کەل و پەلی سەربازیان بە پارەیەکی زۆر پێ دەکڕی (ابن فضل الله، 2003 )

ئیتر شیخ بەهۆی زۆر بوونی نفوزەکەیەوە لەخۆ بایی بوو ، دانی بە دەسەڵاتی مەمالیکەکانیشدا نەنا ڕەتی کردەوە بچێتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتدارانی مەمالیك و بڕیاریدا خۆی میرنشینێکی سەربەخۆی هەبێت و خاوەنی دەسەڵاتی خۆی بێت ، بۆیە (سیف الدین تنکز )(712- 740ك/ 1312-1339ز) دەسەڵاتی داری شام هەندێك کەسی وەك (علم الدین سنجری) یەکێك بوو لە میرە بەهێزەکانی میر ظاهر بیبرس چەندین جار پۆستی باڵای پێ سپێردراوە ، (الصفدی ، 2000)ڕاسپارد بۆ لێکۆڵینەوە لە جموجۆڵی شیخ و ئاشکراکردنی ئامانجی لەو کارانەیدا، چونکە دەنگۆی ئەوە لە ناو خەڵك بەڵاو ببووەوە کە گوایە شێخ ، نیازی هێرش کردنە سەر مصری هەیە و ئامانجیشی لەناوبردنی مەمالیکەکانە ؛ هەندێ هەواڵی تریش باسیان لەوە دەکرد شێخ دەیەوێت دەست بەسەر (یمن)دا دابگرێت ، بۆ ئەم مەبەستە سوڵتانی مەمالیك هێزێکی ناردە سەر شێخ و لایەنگرانی ، پاش گەمارۆدان و شەڕێکی کەم ( شێخ عزالدین) بەدیل گیرا و بەشکێکی زۆریش لە لایەنگرانی کوژران و ناوچەکەشیان وێران کرا ، بەڵام دوای ماوەیەك لایەنگرانی شیخ جارێکی تر کۆبونەوەو توانیان میرنشینێك لەناوچەکە دابمەزرێنن و فەرمان ڕەوایی تەواوی ناوچەکانی دەوروبەریشیان بکەن (ابن فظل الله، 2003 ) ( الدیوجی ، 2004) . ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت ئەوەیە ، کە لایەنگرانی شیخ عودەی و شیخەکانی دواتریش بڕوایەکی تەواو و ڕەهایان بە شێخەکانی خۆیان هەبوو ، بۆیە بەتەواوی گوێڕایەڵی هەموو فەرمانەکانیان بوون و هەرچیەك شێخ گوتبای ئەوان ڕاستەوخۆ جێبەجێیان دەکرد.

ئەم باوەڕ بوونە بە شێخەکان سەرئەنجام سەری کێشا بۆ بە پیرۆز کردنیان ، کە دواجار لە بری خودا ، پەرستشی شێخ بەئەنجام بگەیەنن و گۆڕەکەیشیان بکەن بە شوێنی زیارەت و تەنانەت بیان پەرستن و دواجار بڕیارياندا کعبەیەکی تایبەتی بۆ دورست بکەن ، لەبری ئەو کعبەی کە لە جیهانی ئیسلامیدا خەڵك بۆ پەرستش رووی تێدەکەن( المقریزی ، 1998).

4- پەیوەندی شێخ خضری کوردی بە دەسەڵاتدارانی مەمالیکەوە.

شێخ خضر پەیوەندیەکی زۆر باشی لەگەڵ سوڵتان و دەسەڵاتدارانی مەمالیك هەبوو ، دیارە هۆکاری ئەم پەیوەندیە باشەش بۆ زۆری کەرامات و دونیا بینینی شێخ خۆی دەگەڕێتەوە چونکە شێخ ناوبانگی زۆری پەیدا کردبوو لە مصر و شام و دەسەڵاتدارانیش بۆ زانینی پێشهاتەکان و ئەو ڕووداوانەی کە لە داهاتوو ڕوودەدەن سەردانیان دەکرد ، بۆیە بەو پێیەی زۆربەی ئەو خوێندنەوانەی شێخ بۆ ڕووداوەکان ڕاست دەردەچوون ئەمەش زیاتر پێگەی شێخی بەهێز تر کردبوو ، لەلای دەسەڵاتدارانی مەمالیك (ابن فضل الله، 2003 ) بەتایبەتی لای شێخ مەلیك الظاهر بیبرس ، دیارە هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شێخ خچر بەر لە دووساڵ لەوەی سوڵتان مەلیك ڤاهر دەسەڵات وەربگرێت شێخ ئەوەی پێ ڕاگەیاند و پێی گوت تۆ دەبێتە سوڵتانی مەمالیەکەکان گەورە کاربەدەستیان (ابن الملقن ، 1994 ) ،و دەسەڵاتێکی زۆرت دەبێ و خۆت خاوەنی دەسەڵاتی یەکەم دەگریە ئەستۆ ، بۆیە ئەم پێش بینیەی شێخ بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە ژیانی شێخ ، چونکە پێش بینیەکەی هاتە جێ و ڕاست دەرچوو مەلیك الڤاهر بیبرس لە ساڵی

10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp49-55

((658ك/1260ز) بووە سوڵتانی مەمالیك ، ئیتر بووە جێی بایەخی سوڵتان ملیك ڤاهر و تەنانەت سوڵتان باوەری زۆری هەێنا بوو بە قسە و ئامۆژگاریەکانی و لە هیچ کات لە گوێڕایەلی کردنی درێخی نەدەکرد (الكتبي ، 1985 )، تەنانەت وای لێهاتبو سوڵتان مليك ظاهر لە هەفتەیەك لەجارێك زیاتر سەردانی شێخی دەکرد و وەزیر و کاربەدەست و دەسەڵاتدارەکانیشی لەگەڵ خۆی دەبردە لای و گوێی لە ئامۆژگاریەکانی ڕادەگرت و هەرجارێك کە سەردانی دەکرد و باوەڕی پێ زیاتر دەبوو ( ابن كثير ، 2001) بۆیە ئەو بڕوا بوونە زۆرەی سوڵتان بە شێخ زیادە ڕوویی زۆری تێدابووە بەتایبەتی ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە سوڵتان لە هەر کاروبارێکی سیاسی و سەربازی پرس و ڕاوێژی پێ دەکرد و پێش بینەیکانی شێخیش لە بەرامبەر ڕووداوەکان ڕاست دەردەچوو (ابن تغری بردی ، 1998) ، چونکە چەندین جار شێخ مژدەی سەرکەوتنی لەشەرەکان و فتوحاتەکانی بە سوڵتان ڕاگەیاند هەموویان ڕاست دەرچوون (الدواداری ، 1971)بۆیە سوڵتان بەتەواوی ملکەچی بۆ دەربڕی بوو نەی دەتوانی لە پێشبینیەکانی لابدات ، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا زیادە ڕۆی تەواوە لە بڕوا بوون بەکرامات و لێهاتوی شێخ خضر. سەرئەنجام وای لێهات شێخ دەستی لە کاروباری ناوخۆی وڵات وەردەدا ، بڕیاری لەسەر باروذۆخی دەوڵەت دەدا ، تەنانەت دەسەڵاتی بەسەر تەواو کاربەدەست و والیەکانیش هەبوو لە مصر و شام ، تەواوی ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بەناوی مەمالیك فەرمان ڕەوایان دەکرد و لەژێر سایەی و دەسەڵاتی سوڵتان مەلیك ظاهر شێخ دەسەڵاتی بەسەریاندا هەبوو ، دیارە ئەمەشی کە لە شێخ قبوڵ دەکرا لە خۆشەویستی و ڕێزی شێخ بوو لای سوڵتان ، بۆیە دەگوترێ هیچ کەس دەسەڵاتی بەسەر شێخدا نەبووە بەڵکو ئەو دەسەڵاتی بەسەر هەمووآندا هەبووە ( الدواداری ، 1971)ئەوە جگە لەوەی دەسەڵاتی سیاسی زۆری هەبووە ، پارەو پولی زۆریش لە تەواوی مصر و شام بۆ دەهات ، چونکە سوڵتان بەهۆی نزیکی لە شێخ دەیان تەکیە و زاویە و شوێنی دیکەی بۆ دروست کرد و لاینەگران و شوێن کەوتوانی لەم شوێنانە بەناوی شێخ دەمانەوە ، تەنانەت لە تەکیە و زاویەکانیش سوڵتان وەقفی بۆ دانا بوو داهاتەکەی هەموو دەهاتەوە ژێر دەسەڵاتی شێخ (عباس ،1410هـ) ، ئەوە جگە لەم تەکیە و زاویانە چەندین مزگەوتی بەناوی شێخەوە دروست کرد ، تەنانەت بەهۆی زۆری دەسەڵاتی شێخ زیادە ڕۆی زۆری لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکەی کردوو زۆرجار کەنیسەی مەسیحیەکانی تێك دەدا و دەیکردنە مزگەوت (اليونيني، 1954)، ئەمەش پێچەوانەی ڕێنمایە ئاینیەکانی ئیسلامە کەناکرێت شوێنە ئاینیەکانی هیچ ئاینێك بەهیچ بیانویەك تێك بدرێت و خەڵکەکەی قەدەغە بکرێت لە پەرستشیان ، لەگەڵ ئەوەشدا بەو پێیەی شێخ دەسەڵاتی تەواوی پێدرابوو لە لایەن سوڵتان مەلیك ڤاهرەوە پارەو پولی زۆریشی دەهاتە ژێر دەسەڵاتی ، بۆیە ناوبراو درێخی نەکردوە لە هاوکاری کردنی هەژاران و لێقەوماوان و پارەو پولی زۆری بۆ تەرخان کردوون لەم بوارەش شێخ ناوبانگی زۆری هەبوو (مبارك ، 2006).

ئەوەی شایەنی باسە پەیوەندی شێخ لەگەڵ سوڵتان مەلیك ظاهر جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە ، چونکە ئەم پەویەندیەی نێوانیان هەمووکات و بەردەوام توند و تۆل نەبووە ، زۆر جار جیاوازیش لە تێڕامان و بیرکردنەوەیان هەبووە ، نەگەیشتونەتە یەکتر ، دەکرێ بڵێین پەیوەندی نێوان شێخ و سوڵتان بەپێی کات گۆڕانی بەسەر داهاتووە ، بەتایبەت ئەم پەیوەندیەی نێوانیان لە ساڵی (671ك/ 1272ز) لە پەیوەندیەکی دۆستانەوە گۆڕا بۆ پەیوەندیەکی دووژمناکارانە ، چونکە سوڵتان مەلیك ڤاهر شێخی گرت و خستیە زیندانەوە (الذهبي ، 1978 )

ئەوەی شایەنی باسە هۆکاری تێك چون و خراپ بوونی پەیوەندی نێوانیان زۆر ڕوون و ئاشکرا نیە لە سەرچاوەکان زۆر بەئاشکرا و بەڕوونی تیشکی ناخەنە سەر ، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێ ئەوەیە سوڵتان خۆی پێی خۆش نەبوو دەسەڵاتی شێخ ئەوەندە فراوان بووە و دەست لەکاروباری ناوخۆی وڵات وەردەدات و بەبێ ڕەزامەندی ئەو هەرچی بیەوێت دەیکات بۆیە ئەم زۆر بوونی دەسەڵاتەی لای سوڵتان قبول کراو نەبووە بۆیە لێی بەبەهانە بووە تا بتوانێت کارێکی لەبەرامبەر ئەنجام بدات و دوری خاتەوە لەخۆی ، لەلایەکی تریش کاربەدەستان و والیەکانی تری مەمالیك لە مصر و شام پێیان خۆش نەبوو شێخ دەست لە کاروباری کارگێڕی ئەوان وەر بدات و دژایەتی خۆیان بۆ ئەم دەست تێوەردانە نەشاردۆتەوە و گلەیی خۆیان گەیاندۆتە سوڵتان جا بەهەر ڕێگایەك بێت ئەمەش دووبارە سوڵتانی هان داوە بۆ وەرگرتنی هەڵوەستە لەسەر شێخ و دوورخستنەوەی ، بۆیە ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی لەلای سوڵتان گلەیی خۆیان بکەن و دەستوەردانەکانی شێخ بۆ سوڵتان ڕوون بکەنەوە ، هەروەها قسەی هەڵبەستراوی زۆریشیان بە سوڵتان ڕاگەیاند کە لەگەڵ پێگە و مقامی شێخ نەدەگونجا (الدواداری ، 1971) تەنانەت تۆمەتی داوێن پیسی و نێر بازی و تاوانی دیکە دراوەتە پاڵ ، تەنانەت ئەوەشی پێگوتراوە کە ئەو دەست و دیاریانە کە سوڵتان لەیەمەنەوە پێی دەبەخشی شێخ بە جاریەکانی قاهرەی دەدا ، دوای ئەوەی ئەم تۆمەتانە ئاراستەی شێخ کران زۆربەی دەسەڵاتداران پێیان وابوو سوڵتان شێخ دەکوژێت و ناهێلی بەسەریەوە تێپەڕێت ، بەڵام زیرەکی و لێهاتوی شێخ و دوور بینیەکەی سوڵتانی لەکوشتنی پەشیمان کردەوە ، چونکە شێخ بە سوڵتانی ڕایگەیاند کە مردنی من نزیکە لە مردنی تۆ ، بۆیە سوڵتان لەترسی مردنی خۆی پەشیمان بووەوە و شێخی نەکوشت و خستیە زیندانەوە (ابن فضل الله ، 2003)

لێرەدا دەتوانین بڵێن کە دەسەڵات و پلەوپایەی شێخ خضر لە مصر شام زۆر بەهێز بوو هەموو لایەك ڕێزیان دەگرت و لە ئامۆژگاری و وتەکانی دەرنەدەچوون و هەمیشە لەخزمەتی شێخ دابوون ، بۆیە ئەم ملکەچیەی تەواوی دەسەڵاتداران وای کرد کە شێخ غرور بیگرێت و دەست لەکاروباری ناوخۆ وەربدات و حیساب بۆ دەسەڵاتداران نەکات ، کەسەرئەنجام چارەنوسی بەم چارەنوسە گەیشت کە بخرێتە زیندانەوەبەم جۆرە پەیوەندی باشی شێخ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەمالیك بەیەکجاری کۆتای پێدێت ، پاشان شێخی لە ساڵی (676ك/ 1277ز) لە زیندان کۆچی دوایی کرد (اليونيني، 1954).

**دەرئەنجام :**

لەم توێژینەوەیە کە تایبەتە بە لێکۆلینەوە لە پەیوەندی نێوان صۆفیەکانی حەوزی زاب و دەسەلاتدارانی مەمالیك گەیشتینە چەند دەر ئەنجامێك کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن.

لەم توێژنەوەی ئەوەمان بۆ بەدەرکەوت کە سەردەمی مەمالیك سەردەمی گەشە کردن و زۆر بوونی ڕەوتی ڕێبازی صوفی گەرایی بووە

ئەوەمان بۆ بەدەر کەوت کە بەشێکی خەلکی کوردستانیش شوێن کەوتەی ڕێبازی صوفیگەریەکان بوون ودەیان زانای کوردی شوێنیان لە ڕێبازە صۆفیگەریەکاندا هەبووە خەڵك و لایەنگریان زۆر بووە و صۆفی ناوداری جیهانی ئیسلامی بوون.

10.24086/cuejhss.v3n2y2019.pp49-55

بۆمان بەدیار کەوت کە ڕێبازی عەدویەکان کە لەلایەن شێخ عودەی کوڕی مسافیرەوە سەرکردایەتی دەکرا خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەی حەوزی زاب یەنگرو موردی ئەم ڕێبازە بوون و ولائی خۆیان بۆ دووپات کردۆتەوە .

شێخەکانی عەدوویەکان لەسەرەتادا پەیوەندی زۆر باشیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەمالیك هەبووە و هەردوولا هاوکاری یەکتر بوون ، بەڵام لە دواویەکاندا بە هۆی پاوان خوازی شێخی ڕێبازەی عەدویەکەیان و پشت کردن لە خوداو ڕووکردنە دونیا و لادان لە بەرنامەی خودا و هێنانەناوەوەی خوراڤیات و بیدعە بۆ ناو ڕێبازەکە ئیتر ئەم پەیوەندیە باشەیان گۆڕا بۆ پەیوەندی دوژمن کارانە و ململانێ لەگەڵ دەسەڵاتدارندا

شێخ خچر بە یەکێك لە گەورە شێخەکانی سەردەمی مەمالیك هەژمار دەکرێت و ناو ناوبانگی دەوڵەتی مەمالیکی تەنی بوو ، تەنانەت شێخ خچر زۆر لە سوڵتان مەلیك ڤاهر نزیك بوو بۆیە بەشێخ مەلیك ظاهر بانگ دەکرا .

هۆکاری تێك چونی پەیوەندی شێخ و صۆفیەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەمالیك لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە دوای ئەوەی شێخەکان ناوبانگیان پەیدا دەکرد ئیتر لەهەوڵی ئەوە دابوون دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیش بۆ خۆیان قۆرغ بکەن ، کە ئەمەش مایەی قبول کردن نەبووە لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەمالیکەوە ڕەتکراوەتەوە

## سەرضاوة رِةسةنةكان:


1- التادفي : محمد بن يحيى الحنبلي (963ك/1556ز) (1409هـ) قلائد الجواهر ،دار احياء التراث العربي ، مطبعة المنير، بغداد، العراق

2- ابن تغري بردي : جمال الدين ابي المحاسن يوسف بن تغري بردي الاتابكي (ت874ك/1469ز) (1949 ) الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة ، مطبعة دار الكتب المصرية ، القاهرة، مصر

3- حاجي خليفة : مصطفى بن عبدالله القسطنطيني الرومي الحنفي (1067ك/1653ز) كشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون ، مكتبة المثنى ، بغداد ، العراق

4- الدواداري : ابو بكر بن عبدالله بن ايبك ( ت 736ك/ 1336ز) (1971 ) الدرة الزكية في اخبار الدولة التركية ، الجزء الثامن من كتاب (كنز الدرر وجامع الغرر)تحقيق اولير هارمان ،القاهرة ، مصر

5- الذهبي : شمس الدين ابو عبدالله محمد بن عثمان (748ك/1347ز). العبر، تحقيق عمر عبدالسلام التدمري ، دار الكتب العربي ، بيروت ، لبنان

6- الذهبي : شمس الدين ابو عبدالله محمد بن عثمان (748ك/1347ز) (1993 ) تاريخ الإسلام وَوَفيات المشاهير وَالأعلام، تحقيق عمر عبدالسلام التدمري،دار الكتب عربي(بيروت:)

7- ابن شافع بن عباس : شمس الدين محمد بن عبد الرحمن (ت 902ك/ 1479ز)( 1410) ،حسن المناقب ، السرية المنتزعة من السيرة الظاهرية، تحقيق عبدالعزيز عبدالله الخويطر،( الرياض، السعودية)

8- الشعراني : عبدالوهاب بن احمد المصري ( ت ق 10ك/ 15ز)(1969 ) لواقح الأنوار في طبقات الأخيار، المعروف بالطبقات الكبرى،مكتبة محمد المليجي ، (مصر: 1969)

9- الصفدي : صلاح الدين خليل بن ايبك (ت 764ك/1362ز) (200 ) الوافي بالوفيات ، تحقيق احمد الارناؤط و تركي مصطفى ، دار احياء التراث العربي ، بيروت ، لبنان

10-ابن طولون :شمس الدين محمد (ت 953هـ/ 1545م) ، (1949 ) القلائد الجوهرية في تاريخ الصالحية ، تحقيق محمد احمد دهمان ، مكتبة الدراسات الاسلامية ، دمشق: سوريا.

11-ابن فضل الله : ابو العباس شهاب الدين احمد بن يحيى (ت 749ك/1348ز)(2003) مسالك في مماك الابصار ، دار صادر بيروت ، بيروت ، لبنان

12-الكتبي : محمد بن شكر بن عبدالرحمن الدمشقي (ت 764ك/1363ز). عيون التوارخ ، تحقيق احسان عباس ، دار صادر بيروت ، بيروت ، لبنان

13-ابن كثير : عمادالدين اسماعيل عمر بن كثير القريشي الدمشقي (ت 774ك/1372ز)البداية والنهاية ، مطبعة المعارف ( بيروت :د.ت )

14-الكلاباذي : تاج الاسلام ابو بكر محمد ( ت 380ك/ 990ز)(2001) ، التعريف بمذهب اهل التصوف ، بيروت ، لبنان

15-ابن المستوفي : الدين ابو بركات المبارك بن احمد الاربلي ( ت 637ك/ 1239ز)، (1980) ، تاريخ اربل المسمى ( نباهة البلد الخامل بمن ورد من الاماثل )،تحقيق سامي خماس الصقار ،وزارة الثقافة والاعلام ، دار الرشيد بغداد ، العراق

16-المقريزي : تقي الدين ابي العباس احمد بن علي بن عبدالقادر العبيدي ( ت 845 ك/ 1441ز) (1977) السلوك لمعرفة دول والملوك ،حقيق محمد عبدالقادر عطا ، دار الكتب العلمية ، بيروت، لبنان

17-المقريزي ، خطط المقريزي (المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والاثار) اعادة الطبع بالاوفست ، مكتبة المثنى ، بغداد ، العراق

18-ابن الملقن : سراج الدين ابن حفص عمر بن علي المصري ( 804ك/ 1401ز) ، (1994) طبقات الاولياء، حققه وخرجه ، نورالدين اشريبة ، مكتبة الخانجي القاهرة ، مصر

19-ابن واصل : جمال الدين محمد بن سالم (ت 697ك / 1297ز) (1953) مفرج الكروب في اخبار بني ايوب ، القاهرة، مصر

20-اليونيني : : ابو الفتح موسى بن محمد (ت 726ك/ 1395ز) (1954) ذيل مراة الزمان ،دائرة المعرف العثمانية ، حيدر اباد ، الدكن

ذيَدةرة عةرةبيةكان

21-ظهير ، احسان الهي (2008) التصوف ، دار ابن حزم، القاهرة، مصر

22-الدوسكي ، انس محمد شريف (2007) الشيخ عدي بن مسافرالهكاري، من العدوية الى اليزيدية ، مطبعة اراس (اربيل، العراق)

23-علي ، رياض صالح(2005) الحركة الصوفية في بلاد الشام ، ناشر جامعة الاسلامية ، فلسطين

24-زركلي : الاعلام ، (2002)،دار العلم للملايين ، دمشق : سوريا

25-الديوجي ، سعيد ، اليزيدية ، دار صادر بيروت ، يروت ، لبنان

26-اسود، عبدالرزاق محمد ، (1981) المدخل الى دراسة الاديان والمذاهب ، دار العربية ، بيروت ، لبنان
27-مبارك ، علي باشا ، الخطط التوفيقية ، دار الفكر العربي ، القاهرة: مصر
28-عبد الحميد ، محسن (1406هـ) تجديد الفكر الاسلامي القاهرة ، مصر
29-جلال شرف ، محمد(1980) دراسات في التصوف الاسلامي ، بيروت ، لبنان.